Weekly Gulan
August.18,2005
Issue.No.550

# بازاڕی ئازاد و سیستەمی دیموکراتی لە کۆنفرانسێکی ڕێکخراوی (ASK)دا

**سازدانی کۆنفرانس و سیمینارە ئابوورییەکان بە بەکێک لەو هەنگاو و کار و چالاکییانە دادەنرێت، کە ڕۆڵی لە پێشخستنی بڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ئابووری هەیە. کردنەوەی کۆنفرانسی (بازاڕی ئازاد و سیستەمی دیموکراتی لە عێراق) لە هۆتێلی خانزاد چالاکییەکی ئابوورییانەیە کە دەکرێت شارەزایانی ئابووری سوود لە ئەزموون و ئایداری پسپۆڕانی بیانی وەرگرن. سازدانی ئەم کۆنفرانسە لەلایەن ڕێکخراوی (ASK)ەوە بەڕێوەچوو کە لە ساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە و ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان کەلەپورەکا و کورد و یارمەتی کوردستان لە کاتی پێویستدا.**

دکتۆر سەلاح عەزیز

بەڕێز دکتۆر سەلاح عەزیز سەرۆکی ڕێکخراوی (ASK) لە ئەمەریکا و نوێنەری ڕاگرانی ئەکادیی لە کۆنگرێی ئەندازە لە زانکۆی فلۆریدا ئەمبارەیەوە گوتی: گرنگ لێیردا ئەوەیە بتوانین خەسڵەت و بیرۆکەی بازاڕی ئازاد لە سیستەمی دیموکراتی باس بکەین، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ مواسەفاتی جیهانی بەیەکدەگراوە و جێبەجێ کراوە، عێراق لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا سێ هەنگاوی وەرگرت بەرەو دیموکراتی، لەوانە پاڵێشتکردنی خەمخەمە و هەمڵدان بۆ بوون لەئەنداما دەبوونێت سیستەمی دیموکراتییەت بەیەوە بکات.

بوونی دیموکراتییەتی ڕاستەقینە دروست ناکرێت گەر ئابوورییەکی ئازاد بەیەوە نەکرێت، لەم کاتەدا کۆنفرانسی (بازاڕی ئازاد و سیستەمی دیموکراتی لە عێراق) لە هۆتێلی خانزاد سازدرا، کە تایبەتە لەسەر ئەوەی چۆن لە عێراقی نوێ ئابووری ئازاد بێت و صافی مرۆڤی تیادابێت و پێشخرێت، ڕوتکە ئەو بیرۆکەو بۆچوون و بیروباوەڕانە کە لە دەستوورا دەچەسپێت لە کوردستان جێبەجێی بکەین، بەو پێیەی کە کوردستان ئازادی و ئەمنییەت و سەقامگیرییەکی ئاسایش هەیە، کەشوهەوایەکی لەبار بۆ سەرمایەگوزاری بەتایبەت سەرمایەگوزاری بیانی دروست دەکات، ئەمجێزە سەرمایەگوزاریە ناچێتە وڵات و کەشە ئاکات گەر کەشوهەوایەکی ئەباری بۆ دروست نەکرێت، کە هاوکات دەبێت لەگەڵ بوونی خزمەتگوزاری پێویست، ئەم دوو حاڵەتەش کەشوهەوایەکی ئەبارە بۆ گەشەکردنی سەرمایەگوزاری.

بۆیە ئەوانەی لەم کۆنفرانسە داوەت کراون زۆربەیی بەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە ١٥ پەرلەمانتار و ژمارەیەک لە بەریرسانی حکومەی و هاوسۆتایانی زانکۆ و توێژەرانی زاگەیاندنی پەیوەندداری لەخۆ گرتووە، ئەوانەی لە دەرەوی وڵاتیش داوەتکراون چەند پرۆفیسۆرێکن ئەوانە دکتۆر کیبت گریت کە پرۆفیسۆری ئابووری و ئیدارەی بیزنیسە لە زانکۆی فلۆریدا و دووزگرتی هاوسۆتا کە خاوەنی چەندین توێژینەوەی ئابوورییە بەتایبەت بۆ ئافریقا، بەڕێزی سوویەرە لە واشنتۆن پۆست و باسی ڕۆڵی زاگەیاندن دەکات لە پێشخستنی ئابوورییا، هەروەها چەندین شارەزا و پسپۆری ئابووری دیکە هاتوون بەڕێزان سوهەیب بورزجی و شێرکۆ جەدەدت کە شارەزایەکی ئابووری کوردە و ڕاوێژکاری (ART)یە، ئەم بەڕێزانە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا گفتوگۆ و بیروڕا لەسەر چەند خاڵێک دەکەن، لەوانە مانای مرۆڤ و پێشخستنی ئابووری کە بەشێکی گرنگی مانی مرۆڤە.

لە ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا باس لە بنەماکانی ئەخلاقی بازاڕ و شەفافییەت دەکرێت و ڕۆژی دووەمیش بیروباوەری کار و سەرۆکایەتی باسا دەکرێت و پاشان ڕۆژی مینیدا و زانکۆ و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەوورزێنرێت.

پرۆگرامی کۆنفرانسەکە بەشێوەیەک داڕاوە کە سەرەتا سیستەمی جیهانی ئابووری باسێتێ، پاشان پرۆگرامەکە وا داڕاوە کە تێکەشێتنی کوردستانی بۆ ئەم سیستەمە چۆنە، لە ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا کۆمەڵێک پێشنیار و بۆچوون تاوتێ کرا، لە کوتایی کۆنفرانسەکەدا هەمەڵیک دروست دەبێت و دەدرێتە ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت و میدیاکان، تاوەکو سوودی لێ وەربگیرێت و جەماوەری کوردستانیش شارەزای ئەمبارە بن، چونکە بەشداربوون لە پسپۆڕایەتی خۆیان سەرکەوتوون و شارەزایی واقیعی کورد و عێراقن، نەک بە تەفسیلە وردەی خۆمان، بەڵکو لە هەڵوەشە ئابوورییەکەمەوە، ئێمە ئەزموون و زانیاری جیهانی وەکو کەرەستەیەکی خاوە و دەکرێت بەپێی واقیعی کوردستان و خواست و ئومێدەکانی کاری جوانی لێ دروست بکرێت.

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی فیدراڵی لەمبارە بیروباوەڕ گشتییەکان زۆر جیاواز نین و پشت بە یاسا و تەشریعاتە دەولییەکان و بەردەوەکاندا بەسترا، نەوەی کە دەمێنێتەوە پەیوەندی نێوان فیدراڵی و ناوەندە لە هەمەلە ئابوورییە وردەکان، ئەوەی ئێمە لەم کۆنفرانسە زیاتر دەیورزێنێ چۆنیەتی پێشخستنی ئابووری کوردستانە دەستووری عێراقی بەمێزیکانە ئەوا دەبێت، بەڵام ئەبوایە دەستوورێکی کوردستانیشمان هەبوایە و ئەم بەشانەی تایبەت بە ئابووری تێدابوایە، کە ئێستا دەستوور ڕۆژامەندی لەسەر دەدرێت، دەتوانرێت شێوەی جێبەجێکردنی یاساکە قەدیاس لەسەر بکەین، ئەم کۆنفرانسە زۆر گرنگە بۆ ئەندامانی پەرلەمان تاوەکو بەپێی سیستەمی نوێی جیهان بڕیەن بڕێنن.

دیموکراتییەت سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە دروست ناکرێت، گەر پێکهاتە و بنەما سەرەکییەکانی وەکو ئازادی بازاڕی تێدا نەبێت، کە بەشێکە لە سیستەمی دیموکراتییەت.